# نەورۆزنامە



وێنە لە کارە هونەرییەکانی هونەرمەند (مزەفەر نامداری)

**Sai Saqzi Qayshi** سەعی سەقزی قایشی





**Vinter och vår**

**Rimfrost och knoppar**
**täcker och täckt träd**
**en annan blir frukt och**
**andra glittrar som kristall**

**زستان و بەهار**

**چرۆ و سیخوار**
**درەختتان دائەپۆشێ**
**یەکیان ئەبێ بە میوە**
**ئەوی دی وەک کریستاڵ ئەدرەوشێ**

qayshi@yahoo.com
sai.saqzi@gmail.com

# ئاگر

هەموو ئەوە ئەزانین ژیانی مرۆڤ وەک ئەوەی ئەمرۆ لە چوارچێوەی شار و گوندا هەیە، نەبووە. ئەو ئیمکاناتە کە ئەمرۆ وەک گەرەسەی هاتووچوو، شتومەکی ماسمێدیای، ئیلیکتریکی، پێداویستییەکانی نەخۆشخانە و دوکتۆر و درمان، بەشی کشتوکاڵ ... نەبووە. مرۆف لە سەرەتادا لە ئەشکەوت و غارەکاندا ژیاوە، نیوەی ئەو تەمەنەی کە بوویەتی لە تاریکی واتە لە شەودا بەسەر بردووە. بێبەش بووە لەو هەموو ئیمکاناتانەی ئەمرۆ.

بنەما و سەرچاوەی تێکرای ئەو شتانە کە ئەمرۆ هەیە و لە داهاتوویشدا دەبێت، ئاگرە! ئاگرە لە سەرەتادا بۆ مرۆڤ لە چوارچێوەی رووناکی و گەرما بۆ سازکردنی خواردەمەنی، بۆ هاتووچوو، بۆ پاراستنی گیان لە بەرانبەر جانەوەراندا بەکار براوە، هەر ئەوە لەو سەردەمەدا گەلێ پێویستە بووە، هەر بەو هۆیە گەیشتوەتە پلەی بەرزی پەرەستن. ئەمرۆ کارایی ئاگر لە چوارچێوەی گڕ و بڵێسە بۆ رووناکی و سازکردنی خواردەمەنی دەرباز بووە و بەناوی(energy) لە پرۆسەی زانستیدا یارمەتی مرۆف ئەدات.

## سەبارەت بە دۆزینەوەی ئاگر

{هەرکاتێک باس لە شارستانییەتی (پێشمێژوو) بکرێت، مەبەست ئەو دەورانەیە کە هێشتا خەت نەدۆزراوەتەوە، ئەوەی کە ئێمە ئەباتەوە دەورانی (پێشمێژوو) پاشماوەی ژیانی ئەشکەوت نیشینەکانە، ئەوەیش بەرهەمی رەنج و تێکۆشانی ئاسەوارناسانە کە لە دڵی زەویدا بینویانەتەوە. لەگەڵ ئەوەدا کە ئەوانە زۆر کەمن، بەڵام گەلێ گرانبەهان!

بەپێی ئاسەواری ئەشکەوتەکانی(Chou koutin چوکۆتین)ی سەرووی چین کە دۆزراوەتەوە ئێسک و پروسکی مرۆڤی(Sinanthropus)سینانترۆوپۆس) لە پەنای کوانووی ئاگردا بووە.

دەستەیەکی دیکە لەسەر ئەو باوەڕن لە ئەشکەوتەکانی ئەفریقای خوارووە کە جێگای ژیانی دەستەیەک لە مرۆڤ بەناوی(Austrolopithigus Pometheus)



(ئاسترالوپیتکوس پرومیتوس) بووە ئاسەواری وەهایان دەسکەوتووە کە ئاگر بەکار بردووە.

لە کتێب و نووسراوەکاندا ئاماژە بەوە کراوە، ئاگر یا لە ڕێگای گرکانەکانی دڵی زەوییەوە یا بەهۆی ئەو ئاگرانەی خۆبەخۆ لە جەنگەڵ و دارستانەکاندا روو دەدات کەوتبێتە دەس مرۆڤ. بەڵام سەبارەت بە دۆزینەوە ئاگر کۆمەڵێ باسی سەرنجڕاکێشی ئەفسانەیش هەیە بۆ نموونە:

بە وتەی(Aeschylus ئەسخۆلۆس)ی شانۆنووسی یۆنانی(Promethes (پرۆمێتوس) یەکەمین کەس بوو کە چڵێک (گەون)ی بە گڕی گڕکانی دوورگەی( Lemnos لیمنوس) داگرسان. لە داستانەکانی یۆنانی دا (پرۆمتە) بە خوای ئاگر دانراوە، پرۆمتە ئاگر لە ئاسمانەوە ئەڕفێنێ و ئەیدات بە مرۆڤ، هەر بەو هۆیە ئەکەوێتە بەر نفرەتی ( زێوس).

زئوس لە سەرەتادا (پاندر) لەگەڵ (مجریک) پڕ لە دەرد و ئازار و نەخۆشی ئەنێرێت بۆ لای پرۆمتە، بەڵام پاندر بەهۆی دانای و زاناییەوە بە کارەکەی زئوس ئەزانێت. پاشان زئوس پرۆمتە وەک تاوانبارێک لە کێوی (قاف– قەفقاز) بە(هفستوس) ئەبەستێتەوە بە بەردێک و سزای هەتاهەتایی بۆ ئەبڕێتەوە و داڵێکی بۆ دیاری ئەکات کە هەموو کاتێک بە دەنووک جەرگ و هەناوی ونجرونجر بکات و دووبارە زیندوو بێتەوە. پاش ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر و بێپایان (هەراکلۆس) داڵەکە ئەکوژێ و پرومتە ئازاد ئەکات و زئوسیش لێیخۆش ئەبێت و ئەیبەخشێت.

کتێبی{(تمدن و فرهنگ ایران – از آغاز تا دوره پهلوی– تالیف دکتر ناصرالدین شاه حسینی)– لاپەرەکانی ٨– ٩ – ١٠). }

گەون: گوێنی
مجری: سندوق
هفستوس: پارچە ئاسنێکە وەک کەمەربەند کە بۆ بەستنەوەی بەکار ئەبرا.
پاندر: ناوی ژنێکی ئەفسانەی یۆنانە

## نەورۆز یا نەورۆزی شاکان

{یەکەمین رۆژی فەروەردین(خاکەلێوە) یەکەمین رۆژی ساڵە. لە پێشینیان ئەگێڕنەوە کە (جەمشید) یەکەمین کەس بووە ئەم جەژنەی بەڕێوە بردووە، لەم رۆژەدا جەمشید ئەچێتە جەنگی دێوان و پاش تێکشکانیان ئەیانکاتە فەرمانبەرداری خۆی. لەو رۆژەدا جەمشید لەسەر تەختێکی زێرین دائەنیشێت، دیوەکان ئەو تەختە ئەنێنە سەرشان و هەر ئەو رۆژە لە (دەماوەند)ەوە ئەگەنە بابل، خەڵکی لەو کارە سەرسام ئەبن و دەسەکان بە خۆشی و شادی. پاشان جەمشید وەک پادشا درێژە گەشتەکەی ئەدات و شاربەشار ئەگەڕێت.

در نوروزنامه منسوب به جیام آمده است که سبب نهادن نوروز آن بوده است که چون دانستند که آفتاب را دو دور بوده یکی آنکه هر سیصد و شصت و پنج رۆژ و ربعی از شبانه روز به اول دقیقه حمل باز آید، به همان وقت و روز که رفته بود بدین دقیقه نتواند آمدن چه هر سال از مدت همی کم شود. چون جمشید این دو را دریافت نوروز نام نهاد و جشن آیین آورد پس از آن پادشاهان و دیگر مردمان بدو اقتدا کردند

----

لە نەورۆزنامەیەکدا کە (بەناوی خەیام)ەوە نووسراوە هۆی دیاریکردنی نەورۆز بەو جۆرە بووە:

کاتێک کە زانییان خۆر دوو جۆر سووڕانی هەیە یەکیان ئەوەیە لە هەر ٣٦٥ رۆژ و چارەکە رۆژوشەوێکدا بێتەوە ئەو کاتە کە لە مانگی خاکەلێوەدا بووە، ناتوانێت بێتەوە ئەو کاتەی کە لێیەوە دەستی بە گەران کردووە و لێی کەم دەبێتەوە. کاتێک کە جەمشید ئەوەی بۆ دەرکەوت ناونا نەورۆز و کردیان بە جەژن، پاشان پادشاکانی دیکە و خەڵیکش ئەوەیان بەڕێوە دەبرد.

لاپەرە – ١١٢ – ١١٣ هەمان سەرچاوەی سەرەوە



## جەژنی نەرۆز

جەژنە ئەمرۆ، جەژنی نەورۆز
رۆژێکە بۆ ژیان گەلێک پیرۆز!
رۆژی دەربڕینی هەستە و سۆز
جەژنە ئەمرۆ، جەژنی نەورۆز

رۆژی ستەمکار و زۆردار نییە
جەژنی لە دایکبوونی شاکان نییە،
رۆژی ئیراهیم و زەردەشت نییە
جەژنی کریسمەس و مێعراج نییە.

جەژنە، جەژنی سروشت
چەژنی زەمینی بە برشت
بۆ ئەم کارە زەوی، بێوچان
ئەڕوات ساڵێک بەبێ وەستان

بە دەوری تاودا ئەگەڕێ
لێزمەی تیشک وەرئەگرێ
خۆی بە باشی پاراو ئەکا
رێگا بۆ ژیان هەموار ئەکا

مەل و موور و داروودرەخت
ئاژەڵ و مرۆ ئەکا خۆشبەخت
جەژنە ئەمرۆ، جەژنی نەورۆز
لە هەموو کەس ببێت پیرۆز!

## پیدا شدن آتش

**یکی روز شاه جهان سوی کوه**
**گذر کرد با چند کس هم گروه**
**پدید آماد از دور چیزی دراز**
**سیه رنگ و تیزه تن تیز تاز**
**دو چشم از بر سر چو دو چشمه خون**
**ز دود دهانش جهان تیره گون**
**نگه کرد هوشنگ با هۆش و سنگ**
**گرفتش یکی سنگ و شد پیش جنگ**
**به زور کیانی رهانید ز دست**
**جهانسوز مار از جهانجو بجست**
**برآمد به سنگ گران سنگ خرد**
**هم آن و هم این سنگ بشکست خرد**
**فروغی پدید آمد از هر دو سنگ**
**دل سنگ گشت از فروغ آذرنگ**
**نشد مار کشته و لیکن ز راز**
**پدید آمد آتش از آن سنگ باز**
**جهاندار پیش جهان آفرین**
**نیایش همی کرد و خواند آفرین)**
**که او را فرغی چنین داد**
**همین آتش آنگا قبله نهاد**
**بگفتا فروغێ است ایزدی**
**پرستید باید اگر بخردی**
**شب آمد برافروخت آتش چو کوه**
**همان شاه در گرد او با گروه**
**یکی جشن کرد آن شب و باده خورد**
**سده جشن آن فرخنده کرد**

هۆنراوەی فردەوسی– لاپەڕە ٨ و ٩ هەمان سەرچاوەی سەرەوە



## دۆزینەوەی ئاگر

**رۆژێک لە رۆژان پادشای جهان**
**لەگەڵ چەن کەسا ئەچوو بۆ کێوان**
**لە دوورۆ دەرکەوت شتێکی باریک**
**گورچ و تیژپەر بە رەنگیش تاریک**
**چاوگەلی چما دوو پیاڵە خوێن بوو**
**لەبەر هەناسی جهان تاریک بوو**
**تماشاییەکی کرد - هوشەنگی ئازا**
**دەستی دایە بەرد بێترس و پەروا**
**بە هەموو هێزی خستی لە بۆ مار**
**ماری نەپێکا هوشەنگی هوشیار**
**بەردەکە کەوت لە بەرێکی تر**
**شکا هەر دوو بەرد، هاوکات کوتوبر-**
**پزوزکێ دەرکەوت لە دڵی بەردان**
**پزوزسک بۆ بە گڕ لە نێوان ئەوان**
**مارەکە نە کوژرا لەم شەڕ و جەنگە**
**بەڵام، پەیدا بوو ئاگر ئەوە گرنگە**
**پادشا هوشەنگ لەبەر شای جهان**
**کەوتە شادی و ستایش ئەوان**
**کە رووناکییەکی وەهای پێخشی**
**ئاگرەکەی کردە مەکۆی کڕنۆشی**
**کوتی هەر ئەمە چرای یەزدانە**
**ستایشکردنی مایەی ژیانە**
**شەو هات بەسەرا ئاگر خۆشکرا**
**شاو یارانی گەڕان بە دەوریا**
**لە بەر ئاگرا بادەیان نووشی**
**کردیان بە کاتی خەمفەرامۆشی.**

بەپێی توانا بەو جۆرەم کردوە بە کوردی



**مام بەفرینە**

زستانە بەفر ئەبارێ
تاوێ ئارام،
تاوێ تون
بە کۆمەڵ دێنە خوارێ

منیش وام لە کۆلان
لەگەڵ دۆست و هاڤەلان
یاری ئەکەین بێ وچان
بە گۆرانی چەپلەلێدان

دورس ئەکەین مام بەفرینە
چونکە- جوان و شیرینە
نانی پێئەدین پرسی نەبێ
دائەپۆشین سەرمای نەبێ






**زستان ماڵئاوا**

لە زستان بێزاری
ئاشقی بەهاری
شەیدای شیناوەرد
کەیلی گوڵزاری؟

بەهاری رەنگین
گوڵزاری نەخشین
ئەشق و دڵداری
بە بەفرۆ ئەژین

## نەورۆز و بەهار



ئەمڕۆ ڕۆژی پیرۆزە
ئەمڕۆ، جەژنی نەورۆزە
نەورۆز سەرەتای ساڵە
وەرزەکەیشی بەهارە

بەهار وەرزی شیرینە
دەشت و چیا ڕەنگینە
مەلان بێچوو هەڵئێنن
لە نێو باخان ئەخوێنن

درەختان چرۆ ئەکا
گوڵ و میوە دەرئەکا
شارو گوندان سەراسەر
پڕ لە بەهرەی خۆی ئەکا

هارەی تەراکتۆری دەشت
چوونی خەڵکی لە بۆ گەشت
دەنگەدەنگی بەرخ و کار
گەلێ خۆشە لە پاش وەشت

ئەمڕۆ ڕۆژی پیرۆزە
ئەمڕۆ چەژنی نەورۆزە





## نەورۆز و نەورۆزانە

نەورۆز هات
گوڵی بۆ تۆ، هانی
بۆ منیش، چاوەڕوانی

نەورۆز هات
شادی بۆ تۆ، هانی
بۆ منیش، چاوەڕوانی

نەورۆز هات
خۆشەویستی بۆ تۆ، هانی
بۆ منیش، چاوەڕوانی

خۆشەویستم
چاوەڕوانم، بە نەرۆزانەیەک
کۆتایی بێ بە چاوەڕوانی

## وەڵامی نامەیەکی نەورۆزی

دۆستی خۆشەویستم ن، ش
ئەم کاتە و گشت کاتێکت شاد، ئاواتم ئەوەیە ژیان بە ئارەزوت بێ! کارتە جوانە نەورۆزییەکەت، لەگەڵ نامەکەی کە باسی هاتنی شەماڵ و توانەوەی بەفر ئەکات، گەیشتە دەستم. ئەمەوێ بەو چەند دێڕە وەڵامی نامەکە و هەستە جوانەکەت بەمەوە:



وێنە لە ICAسالنامەیەکی

**بەهیوای شەماڵێکم، رنۆکان بڕۆخێنێ**
**بەستەڵەک و ڕێبەندانی ڕێبەندان**
**هەڵتەکێنێ!**

**بەهیوای شەماڵێکم ئەرخەوانە سوور وەڕێخا**
**تەپۆڵکە و چیا پاک کاتەوە،**
**دمەڵی سەر جادە و کۆڵانان هەڵتەکێنێ**

**بەهیوای شەماڵێکم تۆوی شادی لە دڵا بچێنێ،**
**ئاگرێ بگەشێنێتەوە - شەوەزنگ بسووتێنێ،**
**نەورۆزێکی شاد بۆ هەموومان بە دیاری بێنێ.**

**بەهیوای نەورۆزێکم**
**کۆیلەدار بەدەس کویلە - دابەزێنێ**
**باسکم لە گەردنی دۆستان بئاڵێنێ،**
**بە ئەسرینی خۆشەویستی**
**لە جێی هەر دڕکە ژەنگاوییەک**
**هەزاران گوڵخەندەران بڕوێنێ**
**بەهیوام، بەهیوام، بەهیوا!**

ستۆکهۆڵم برات سەعی



## کوا بەهار؟

**کوا بەهار؟**
**کوا چرۆی دار؟**
**کوا هەڵپەڕینی نێو گوڵزار؟**
**کوا قاقا و پێکەنینی دڵبەر و دڵدار؟**
**کوا بەهار؟**
**کوا چرۆی دار؟**

**چەن سەختیمان هەتابەر**
**چەن زستانمان بردەسەر**
**چەن زۆردارمان کردەدەر**
**کەچی، هەر ئاوارەین و دەربەدەر**

**کوا بەهار؟**
**کوا چرۆی دار؟**
**کوا هەڵپەڕینی نێو گوڵزار؟**
**کوا قاقا و پێکەنینی دڵبەر و دڵدار،**
**کوا بەهار؟**
**کوا چرۆی دار؟**

## کونی نەهات

چەن زستانمان نایە چاڵ
سروەی بەهارێ هەر نەهات

چەن نەورۆزمان بەڕێکرد
رۆژێکی نوێ قەت هەڵنەهات

چەن کاروانمان کەوتە ڕێ
تاقە کەپرێکی گیر نەهات

چەن دوژمنمان تێشکان
سەرکەوتنمان وەدی نەهات

سوێسکە و کەوی بەهاران
راوچی نییە کە راوی ئەکات

بانگی شومی خۆ خۆرییە
راوچییان دڵشاد ئەکات

کەوی رەسەنی بەنەنان هەر ئەفرێ
سەدان راوچیش شوێنی هەڵکات!

ئەو کەوەی وا کەوییە، سەر نەوییە
نفرەتی کەن، ناوی بنێن کونی نەهات





## کانیاو و ئاو

کاتێک باران ئەبارێ
بەخوڕڕەم دێتە خوارێ
هەنێ ئەچێ بۆ دەریا
هەنێ بە ناخی زەویا

ئەویش پاش مەوەیە کورت
دێتۆ دەرۆ دەستووبرد
ئەبێ بە کانیاوی جوان
ئەبێ بە چاوگەی ژیان

کانیاو جێگەی ئاوە
سەوزەی لەلا روواوە
کاتێ لە ئاو ئەڕوانی
بە رەنگەکەی نازانی

له سوورا سوور ئەنوێنێ
له شینا شین ئەنوێنێ
له سەوزا خۆی سەوز ئەکا
یاری بە چاومان ئەکا

کاتێ سەیری باڵای کەی
له باڵایشی تێناگەی
له جێی چووک، چووک ئەنوێنێ
له جێی زل، زل ئەنوێنێ

ئاو هەرچی کات شیرینه
سەرچاوەی ژیان و ژینه
هاوین له کاتی گەرمان
سەهۆڵه له بەردەستمان

ئەو ئاوە سارد و جوانه
له دوو گازە بیزانه
ئۆکسیژن و هیدرۆژن
چەند ساڵێتر ئەیخوێنن.

وێنه له کاره هونەرییەکانی هونەرمەند (مزەفەر نامداری)



## نەورۆز

زستانم بینی
لەبەر تریفەی مانگەشەو
دانیشتبوو، بە دووگیانی

ئارام و لەسەرخۆ
کراس و پاپەجانەی
زوێنی، ئەچنی

وتم: کۆرپەکەت چی ناو ئەنێی
وتی: نەورۆز

وتم: گوێزەبانە چیمان پێئەدەی
وتی: گوڵەگەزیزەی نەکەرۆز

وتم: قەدە
می لەتۆ،
گراس و گۆرەبییەکان له ئەو
گوڵەگەزیزەش له گشت هۆز
ببێت پیرۆز!



وێنه له ( Unicefs katalog )

## نەورۆز

نەورۆزە ئەمرۆ
ساڵی تازە هاتەوە
رۆژی هەوڵ و تەقالا و کارکردن هاتەوە

سەیری شاخ و داخ و کەژ کە
بەفرەکان چۆن چوونەوە
جۆگەلە و کانی بناران سەرلەنوێ، پاک ژیانەوە

مەل و موور و گشت بوونەوەر
شاری و گوندی پاک سەرانسەر
بەستە ئەڵێن لەبۆ ژیان, خەندە و شادی، نابڕنەوە.

لە ژێر سایەی هۆنراوەی نەورۆزی (پێرە مێرد)ی نەمردا!

وێنە لە : www.wibom.net



## نەورۆز؟

چاوەروانی کە بڵێم ساڵی تازەت پیرۆز بێ؟
چی رۆیوە، چی هاتووە کە تازە بێ
خوا هەر خوایە و مەش کۆیلەکەی پێش
سەرم لەم شادیکردنەت گێژ ئەبێ!



**سسیێزدەبەدەر**

**ڕۆژی سیێزدەبەدەر**
**ئەڕۆینەر دەر**
**بۆ تۆمارکردنی یادگار**
**لە شیو و دۆڵ و دەشت و کۆسار**

**ڕۆژی سیێزدەبەدەر**
**ئەڕۆینەر دەر**
**بۆ سەر فەرشی چیمەنی بەهار**
**لە گوێ گۆل و جۆگە و ڕووبار**

**ڕۆژی سیێزدەبەدەر**
**ئەڕۆینە دەر**
**بۆ بینینی یار**
**لە ناو گوڵزار**

**ڕۆژی سیێزدەبەدەر**
**ئەڕۆینەدەر**
**بۆ لوتکەی ئاوییەر،**
**ئاوییەری بەختەوەر**



**بۆ بەرزایی شانشین،**
**شانشینی دڵ نشین**
**بۆ دیداری بیێستوون،**
**بیێستونی ئەڤین ستوون**

**ڕۆژی سیێزدەبەدەر**
**ئەڕۆینەدەر**
**بۆ بڵەندایی حەسارۆس،**
**بۆ باوەشی داشامەجی و سەوزەپۆش،**
**بۆ نەکەرۆز و قەندیل و چلچەمە،**
**بۆ شاهۆ و دالاهۆ،**
**بۆ ئاراراتا**
**کە هەموو کات**
**سەر بە تەمە!**

**لیێیان ئەپرسین:**
**کەی دیێ ئەو ڕۆژە کە پیێیئەڵیێن: ڕۆژی هات**
**ڕۆژی بیێزاری لە داگیرکەری زیێد و وڵات؟**

**ئەڵیێن:**
**هەر کاتیێک بە جوانی خۆت ناسی**
**هەر کات هەستت کرد، کە کەساسی**
**ئەو ڕۆژە ڕۆژی هاتە**
**ڕۆژی دەربازبوون لە نەهاتە!**



## زستان و بەهار

چرۆ و سیخوار
درەختتان دائەپۆشێ
یەکیان ئەبێ بە میوە
ئەوی دی وەک کریستاڵ ئەدرەوشێ!





## Vinter och vår

**Rimfrost och knoppar**
**täcker och täckt träd**
**en annan blir frukt och**
**andra glittrar som kristall.**

Täck:  täckt- täckare- Vacker nätt - behaglig
bild från Internet

## شەوی یەلدا

ئەمشەو ئەمەوێ مەست بکەم
دنیای پەستی پەست بکەم
سەری دۆستان بڵەند و
سەری خۆیشم نەوی بکەم

لە شەوی درێژی یەلدا
لە یادی گوڵی دڵدا
لەگەڵ هۆنراوەی شەنگدا
پیاڵەی مۆڵم فڕ ئەکەم



## شب یلدا

امشب میخوام مست کنم
دنیا پستی را پست کنم
سر دوستان بلند و
سر خویش را خم کنم

در شب دراز یلدا
بیاد گل دلها
همراه با شعر زیبا
جام می را سر کنم



## له کوردستان بۆ سامیستان

**له (کبنیکه‌یسه)وه**
**باڵ ئه‌گرمه‌وه بۆ ئارارات،**
**بۆ شاهۆ، بۆ داڵاهۆ،**
**بۆ چلچه‌مه‌ی رۆژانی هات**

**(فییه‌ل سپی)یه‌که‌ی سامیستان**
**ئه‌به‌م بۆ مناڵانی کوردستان**
**گوڵه گه‌زیزه‌ی ئه‌و دیاره**
**ئێنمه‌وه بۆ لاوانی- ئه‌م بێشه‌زاره.**

فییه‌ل سپی ناوی گولێکه له جۆری گه‌زیزه
‹کبنیکه‌یسه› ناوی کێوێکه له به‌شی سه‌ره‌وه‌ی سوید.
سامیستان – سامه‌کان – نه‌ته‌وه‌یه‌کن که له سوید، نورویژ و فه‌نلاند و روسییه





## Från Samistan till Kurdistan

**Från Kebnekaise ska jag**
**flaxa och flyga till <u>Ararat</u>,**
**till <u>Shahå</u>, <u>Dalahå</u> och**
**<u>Chelcheme</u> där jag levde glatt**

**Jag tar Fjällsippor från Sammistan**
**till barnen i Kurdistan**
**där ifrån hämtar jag Gezizeblommor**
**och skänker de till barnen i Samistan**

Ararat, Shahå, Dalahå, Chelcheme de är fyra berg




## ئارام و بەسام

دەریا و ئاسمان
خوشک  و بران
هاوینان شاد و ئارام
زستانان توڕە و بەسام





## چوار وەرزی

لە بەهارا سەروی سەروم
لە هاوینا تاوی تاو
لە پایزا رەنگی رەنگان
لە زستانا سەرماوسۆڵی تەمەنبەندان

## وەرزی پایز

پایز، ساردی
وەک هەناسەم
هەناسەی دەروون تاسەم
بێدەنگی،
بێرەنگی
وەک هەژاران
هەژارانی بەر دیواران
ڕۆژت کورتە وەک شادی من
شەوت درێژ وەک ڕەنجی من
دەپێم بڵێ، چلۆنە ماوی
لە خەما نە فەوتاوی!
پایز
پایز
پایز





## چلەی هاوین

ئەمرۆ چلەی هاوینە
گەرما تەواو بەتینە
گۆی ڕووبار  و دەریاکان
گەلێ خۆشە بۆ هەمووان

دەریای شینی بەر هەتاو
پرشنگ داوێژێ بۆ چاو
ئەمرۆ چلەی هاوینە
جهان گەلێ شیرینە.

ئاسمان شینەو پاک ساماڵ
بێ هەورە و گرمەی (ئوسکار)*
ئەستێران ئەکەن سەما
لە هۆڵی بەرزی سەما

وەرە با مەیش دەس بگرین
بە کامی دڵ هەڵپەڕین
ئەمشەو چلەی هاوینە
سروشت گەڵێ شیرینە.

ئوسکار: بە سویدی واتە  بروسکە، هەورەتریشقە. وێنە لە هەمان ساڵنامە

## کوڵە چوارشەممە

کوڵە چوارشەممەیی کۆتایی ساڵە
ئاگرێک ئەکەینەوە لەو یاڵە
ئاگرێک بڵێسەکەی هێن بڵەند بێ
دڕ بدا بە تاریکی هەزار ساڵە

کوڕ و کچ، ژن و پیاو
مەزن و منداڵ، پیر و لاو
بزە لە لێو، شادی لە دڵ
دەس لەنێو دەس، مژدە لە چاو

بە سیرەی زورنا
بە گرمەی دەهۆڵ
بە هۆرە و حەیران
بەرەو دەشت و دۆڵ

ئەبەین لەگەڵ خۆ چێوی گرکرتوو
نەک گری تاک، تاک، گری یەکگرتوو
لەگەڵیا ئەبەین بۆنی بەهاران
لە کوردستانۆ بۆ هەموو جهان

ئەڵێین پیرۆز بێ نەورۆز و بهار
ژیانت هەر گوڵ بێ و دەوریشت گولزار
ئاشتی و ئارامی چرای ڕێگات بێ
هەستی هاوکاری هێمای ژیانت بێ



## سازەکان و سۆزەکان

بە سۆزی شمشاڵ
بە ئاهەنگی تار
بە لەنجەی پیانۆ
بە سەمای گیتار

بە چەپڵەی کەف
بە خرمەی دەف
بە بزەیی چەنگ
کانی هەمە دەنگ

بە نەوای نەی
بە هەستی سەرریژ لە حەز و ئۆخەی
کاتێک ڕێکئەخەم
شاد و دوور لەخەم

بە سیرەی زۆرنا، بە گرمەی دەهۆڵ-
ئەچمە دیداری شیو و دەشت و هۆڵ
بە قاسپەی کەوی زیرەکی بۆکان
ئەشێکنم مەنگی، گۆمی بێدەنگی
لەگەڵیا ئەلێم بەستە بۆ ژیان

یادێکیش ئەکەم لە بەزمی جاران
پیاڵە فڕ ئەکەم بە یادی یاران!
یادی لاوییە من ئەیکەمەوە
بۆ ئەو دەورانە من ئەتوێمەوە!













ئەم وێنانە لە ئەنترنێت وەرگیراوە

ئاگر ..... 3
نەورۆز یا نەورۆزی شاکان ..... 5
جەژنی نەرۆز ..... 6
پیدا شدن آتش ..... 7
دۆزینەوەی ئاگر ..... 8
مام بەفرینە ..... 9
زستان ماڵئاوا ..... 10
نەورۆز و بەهار ..... 11
نەورۆز و نەورۆزانە ..... 12
وەڵامی نامەیەکی نەورۆزی ..... 13
کوا بەهار؟ ..... 14
کونی نەهات ..... 15
کانیاو و ئاو ..... 16
نەورۆز ..... 18
نەورۆز ..... 19
نەورۆز؟ ..... 20
سسێزدەبەدەر ..... 21
زستان و بەهار ..... 23
**Vinter och vår** ..... 24
شەوی یەلدا ..... 25
شب یلدا ..... 26
لە کوردستان بۆ سامیستان ..... 27
**Från Samistan till Kurdistan** ..... 28
ئارام و بەسام ..... 29
چوار وەرزی ..... 30
وەرزی پایز ..... 31
چلەی هاوین ..... 32
کوڵە چوارشەممە ..... 33
سازەکان و سۆزەکان ..... 34